**Ministry of Higher Education and Scientific research**

# زانكۆ/ سەلاحەددین – هەولێر

## كۆلێژ/ ئاداب

## بەش/ كۆمەڵناسی

## بابەت/ پەرتووكی كۆرسی "گۆڕانی كۆمەڵایەتی" Social Change

## مامۆستای وانە: د. هیوا علی عمر

## كۆرسی یەكەم پاییزی ٢٠٢٣

## پەرتووكی كۆرس
## Course Book

| | |
|---|---|
| ١– ناوی كۆرس | Social Change (English Texts) |
| ٢– ناوی مامۆستای بەرپرس | د. هیوا علی عمر |
| ٣– بەش/ كۆلێژ | كۆمەڵناسی/ ئاداب |
| ٤– ئیمێل | Hewa.omar@su.edu.krd<br>hiwa1975@yahoo.com |
| ٥– یەكەی خوێندن لە هەفتەیەكدا | ٩ كاتژمێر |
| ٦– ژمارەی كاركردن | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەكدا<br>٣ ڕۆژ لە هەفتەیەكدا كۆی گشتی ٩ كاتژمێر |
| ٧– كۆدی كۆرس | Soc |
| ٨– پرۆفایلی مامۆستا | دەرچووی بەشی كۆمەڵناسی (بەكالۆریۆس) لەساڵی (٢٠٠٢-٢٠٠٣)؛ لەساڵی (٢٠٠٩-٢٠١٠) ماستەرنامەم لەهەمان زانكۆ بەدەست هێناوە؛ وە لە ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١) بڕوانامەی دكتۆرام لە زانكۆی شەهید بهێشتی- تاران بە پلەی نایاب بەدەست هێناوە.<br>سوپاس بۆ خوا |
| ٩. چەمكە سەرەكییەكانی "گۆڕان كۆمەڵایەتی" | Social Change; Development; Progress; Evolution; Modernization; Globalization; Social Movement; Social |

| Change Theories; Cultural and Structural Change | |
|---|---|

**١٠. ناوەرۆكی گشتی كۆرس:**

ئەم وانەیە یەكێكە لەبابەتە سەرەكییەكانی كۆمەڵناسی، كە لەڕێگەیەوە قوتابی بەبابەتی گۆڕانی كۆمەڵایەتی ئاشنا دەبێت بەو پێیەی وانەیەكی سەرەكییە لە كۆمەڵناسییدا، سەرەتا گرنگی بەمێژووی سەرهەڵدانی، پێناسە و چەمكەكان و تایبەتمەندییەكانی گۆڕانی كۆمەڵایەتی و هۆكارەكانیان، هەروەها تیۆرەكانی گۆڕانی كۆمەڵایەتی دەدرێت. بەمەش قوتابی مەعریفەیەكی زانستی بەدەست دەهێنێت تاكو بەرچاو ڕۆشن بێت سەبارەت بەو گۆڕانە كۆمەڵایەتییانەی لەدەوروپشتی ڕوو دەدەن، هەروەها توانای شیكردنەوەی واقیعیانەشی هەبێت بۆیان. لە گرنگترین ئەو گۆڕانانەی كە لەكۆمەڵگای كوردستانی باشوور ڕوویان داوە بریتی بوون لە: هاتنەدی قەوارەی سیاسی هەرێمی كوردستان بوو لە ساڵی ١٩٩٢. كە دوا بەداوی ئەمەش گۆرانگاری بنەڕەتی بوو لە كۆمەڵگای عیراقی بەهۆی ڕووخانی سیستمی ستەمكاری بەعس بوو لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمریكا و هێزە هاوپەیمانەكانی، هەروەها سەرهەڵدان و پەیدابوونی هەڕەشەی تیرۆریزم لەسەر هەرێمی كوردستان. بەگشتی گۆڕانەكان لەڕووی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و كولتوورییەو بەردەوامن و دەخوازێت قوتابی تێڕامانێكی سۆسیۆلۆژیانە هەبێت تاكو بتوانێت رێرەوی گۆڕانەكان لە هەرێمدا لە ڕابردوودا ببینن و لە ئایندەشدا پێشبینی بكەن. بەكورتی ئەو وانەیە دەیەوێت قوتابیان سەرەڕای ئاشنا كردنیان بە گۆڕانی كۆمەڵایەتی لەڕووی تێورییەوە، هەوڵدەدات قۆتابیان بەشێوەیەكی كرداری بەشدار پێبكات لە دەست نیشان كردنی و شێكردنەوەی گۆڕانە كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگاكەیان.

**١١– ئامانجەكانی كۆرس**

- ئاشناكردنی قوتابیان بەتیۆرەكانی گۆڕانی كۆمەڵایەتی و چەمكە سەرەكییەكان تایبەت بە گۆڕانی كۆمەڵایەتی (گەشەپێدان، پەرەسەندنی، نوێبوونەوە)؛ چەمكە یارمەتیدەرەكانی بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەچەمكە سەرەكییەكان گۆڕانی كۆمەڵایەتی (نەزم و بونیاد، بەها و نۆرمەكان، یاسا و سیستم).
- كاركردن لەسەر دەست نیشانكردنی ڕەهەندەكانی گۆڕانی كۆمەڵایەتی لە ئیستای كۆمەڵگای كوردستانی و بەراوردكردنی بەڕابردوو.

**١٢–ئەركەكانی قوتابی**

- پێویستە هەر قوتابیەک خۆی لە گروپێكدا رێک بخات بۆ ئەنجامدانی كاروبارەكانی خوێندنەوەی تێكستی گۆڕانی كۆمەڵایەتی.
- ئەنجامدانی ڕاپۆرتی مەیدانی لەسەر یەكێک لە بابەتەكانی پەیوەست بە گۆڕانی لە كۆمەڵگای كوردستانی/ یان گەڕان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی كە ڕۆژانە وەک ئەرک دەدرێتە قوتابی و بەڵگەدارنی كردنی بە لیستی سەرچاوەكان.

**١٣–رێگاكانی وانەووتنەوە**

پابەندبوون بە خوێندنەوەی تێكست و تاوتوێكردنی لەكلاس و دارشتنی بەشێوەی پرسیار و وەڵام

**١٤–سیستمی هەڵسەنگاندن**

دوو تاقیكردنەوەی ئەنجام دەدەرێت (١٥ بە ١٥ نمرە)+ دوو كویز (٢+٢) و یەک نمرەی بۆ ئەوە قوتابیانەی وەڵامی پرسیارێک كە لەكلاس دەكرێت یان هەە چالاكییەكی تر لەناو پۆل.

**١٢–دەرئەنجامەكانی فێربوون**

قوتابی ئاشنا دەبێت بە بابەتی گۆڕانی كۆمەڵایەتی لەڕووی مێژووی سەرهەڵدانی، زانینی چەمكە سەرەكییەكانی تایبەت بە گۆڕانی كۆمەڵایەتی، ئاشنابوون بە بوارە سەرەكیەكاني گۆڕانی كۆمەڵایەتی. هەروەها ناسینی تێڕوانینە تیۆرییەكانی گۆڕانی كۆمەڵایەتی یارمەتدەرێكی باش دەبێت بۆ قوتابی تاكو بتوانێت فاكتەرەكان و دەرئەنجامەكانی گۆڕانی كۆمەڵایەتی و كێشەكانی ئێستای كۆمەڵگای كوردستانی زانستییانەتر بناسێت و هەڵسەنگاندنیان بۆ بكات.

**١٦. لیستی سەرچاوە**

Massey (2017) Social Change; in: Korgen (2017) The Cambridge Handbook of Sociology 1.

**١٧. بابەتەكان**

## The Course Contents:

Week 1: Introduction: Personal Change and Social Change

Week 2: Social Change as Sociological Theory

Week 3: Classical Theories of Social Change

Week 4: The Social System and Evolutionary Theory
Week 5: Conflict Theories and the Critique of Society
Week 6: From Progress to Modernity to Globalization
Week 7: Agents, Mechanisms, and Drivers of Social Change
Week 8: Social Movements
Week 9: Technology
Week 10: War and Revolution
Week 11: Large Corporations
Week 12: The State
Week 13: Social Change as Social Activism
Week: 14: Conclusions

| | |
|---|---|
| ١٨–بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | نیە |
| ١٩–تاقیکردنەوەکان | |

**What are the meanings of Social Change in sociology?**

1. The first treats social change as a subset of sociological theory.
2. The second sees social change as a process driven by powerful social phenomena, the workings of which constitute the mechanism operating to effect social change in the modern era.
3. The third approaches social change as an active engagement in solving problems and improving people’s life chances.

**٢٠. تێبینی تر:**

لێرە مامۆستای وانەبێژ دەتوانێت تێبین وکۆمەنتی خۆی بنوسێت بۆ دەوڵەمەندکردنی پەرتووکەکەی.

**٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ:**

Dr. Ezzadin Abdulssmad Rasool